## ژین نامەی شێخی بورهان

گوندی بورهان لە نیوەڕێی بۆکان و مەهاباد هەڵکەوتوە و لە دەوروبەری ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا سێ چارەکە سەدەی بیستەم بەهۆی خانەقایەکی تەریقەتی نەقشبەندییەوە کە جەنابی شێخ یۆسف شمس الدین محمد و دوای ئەو "مەولانا محمد صادق" و کەسانی تر بەڕێوەیان بردوە ناوی دەرکردوە و زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسی-کۆمەڵایەتی-هونەرییەکانی ناوچەی موکریان وەک سەیفولقوزات و عەلی بەگی حەیدەری موریدی شێخی بورهان بوون.
بەڕێز "ابوبەکر خوانچەسپهرالدین" کتێبێکی لەمەڕ ژیانی شێخی بورهان نووسیوە و جگە لە ١٥٠ لاپەڕەی سەرەتا، کە باسی گشتییە سەبارەت بە سوفیایەتی، پاشماوەی لاپەڕەکانی تەرخانی ژیانی شێخ و موریدان و خەڵکانی ناوداری دەوروبەری خانەقا کردوە، کە زۆرێکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان، بۆکان دەگرنەوە هەر لە شێخی بورهان خۆیەوە هەتا مامۆستا هەژار و سەیفولقوزات و ساداتی کولیجە و مەلا عصام الدینی شەفیعی و مصباح الدیوانی ئەدەب و براکەی-واتە عەلی بەگی حەیدەری و زۆری تر.
بە پێویستی دەزانم بڵێم زۆریەک لەو کەسایەتییانە لە پێوەندی شاری مەهابادیشدا بوون و من نامەوێ لەم زنجیرە وتارەدا کێشەی شار دروست بکەم، بۆ نموونە دەزانم مامۆستا هەژار لە مەهاباد لەدایک بووە و مەهابادییشە بەڵام لە بۆکان ژیاوە و لە توێژینەوەی مێژوویی بۆکاندا ناوی دێتە گۆڕێ. یا خود عەلی بەگی سالار سەعید (حەیدەری) لە ئاغاواتی گوندەکانی باکووری بۆکان و باشووری میاندواو بوە، بەڵام بۆ ٦ یا ٧ دەورە نوێنەری شاری مەهاباد بوە لە پەرلەمانی ئێران. بەکورتی، من کارم بەو پێوەندیانە داوە کە کەسایەتییەکان لەگەڵ بۆکاندا هەیانبوە، ئێتر خەڵکی بۆکان بوون یا نەبوون مەسەلەیەکی دیکەیە.

ابوبکر خوانچە سپهرالدین، زندگینامە عارف ربانی حضرت شیخ یوسف ملقب بە شمس الدین برهانی قدس سرە، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیە، ١٣٦٨[١٩٨٩]، فارسی، ٤٥٢ لاپەڕە.